www.kurdistannet.org
12-2-2006 11:16 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# نووسین ژیانمه ... مافپەروەر: ئارام موحسین گەردی

aram_mmmm@yahoo. com



كە دەنووسم ڕووداوێك یان قسەیەك یا وێنەیەك وام لێدەكات بنووسم، ئەو سی واقیعە زادەی لەدایك بوونی ووشەكانمە بەدەر لەوەی پۆزەتیڤ بن یاخود نێگەتیڤ.
بیر لەوە ناكەمەوە كە ئەنجامی نووسینەكانم نەفامێك، یا ڕەش دڵێك تووڕەبكات، گرنگ ئەوەیە ویژدانی خۆم و خوێنەرانی بەویژدان ئاسوودە بكەم.
ئەوانەی بە نەقیزەی من جووتە دەهاون دیارە گیانلەبەرن لە پێستی مرۆڤ. ئەوانەشی بەنیازن نێویان بێنم كاتێك تاوانبارم دەكەن هەرجارەو بەتۆمەتێك، قەت نابێت چاوەڕێی ئەوەم لێبكەن كە وەڵامیان بدەمەوە بەسایەی نووسینێكمەوە ناوبانگییەك بۆخۆیان درووست بكەن.
كە بڕیارمدا ئیمەیڵی خۆم لەهەر نووسینێكم ئاشكرا بكەم، بۆئەوەنەبووە كە هەتیوێكی جنیوفرۆش ئیمێڵم بۆبكات و پشقل لە نامەكەی بەربێتەوە، یا هێرشێكی ناڕەوای بی بنەمام بۆ بنێتەوە، بەڵكو بۆ ئەوە بووە ئاوێنەی نووسینەكانم ببینم لە نامەیەكی ڕەخنەگرانەی بنیاتكەرانەی خوێنەرێكی گرانبەها.

دیارە نووسینەكانم بە (تەوازعەوە) سەركەوتنی بەدەستهێناوە، ئەگەرنا بۆ خەڵكانێك لێرەو لەوی كاریان بۆتە نووسین لەسەر خۆم و نووسینەكانم.
من كە هەردەم ترسان لەفەرهەنگی ژیانی ساكارانەی من شوێنی نەبۆتەوە، بەناو و وێنە و پیشە پیرۆزەكەی خۆم دەنووسم، لەوانەیە ڕۆژێك لە ڕۆژان باجی ئەو بوێرییەم بدەمەوە وەلی نووسینێك كە تووشی قوربانیم بكات ئامادەم بیدەم، مادام دەستخۆشی خوێنەرانم بە ئیمێڵ و نووسین گەورەترین خەڵاتە.
ئەگەر نووسینێكم وای لەوەزیرێك كردبێت فەرمانبەرێكی خۆی بانگ كردبێت و لێپیچینەوەی لەگەڵ سازدابێت، ئەگەر نووسینێكم كۆبوونەوەیەكی فراوانی لایەنێكی سیاسی لەسەر كرابێت بەڵگەی تەندروستیی ووشەكانمە، كە وەكو شیر دیاردەی نامۆ دەبڕێت و وەكو ئاوی سازگاریش تینوویەتی خوێنەرانم دەشكێنێت.
مافپەروەر كە باڵاترین پیشەیە لام كەبەهۆیەوە دەتوانم ژیانمی پی بگوزەرێنم وەلی ئێستا هەست دەكەم نووسین بۆتە كۆڵەگەی بەردەوامیم لە ژیان كەبی ئەو لەمردن نزیك دەبمەوە.
سەربەرزم بەو خوێنەرانەی كەلەهەر ووشەیەكم سەدان گوڵ و دەستخۆشیم بۆ ڕەوانە دەكەن، من كە بۆ ئەوان دەنووسم تا ماوم وەفای جوانیان لەبیر ناكەم، هەر ئەوانیشن وام لێدەكەن بۆ نووسینێك گوێم لێنەبێت شەو و ڕۆژ لەیەك گری بدەم و دان بە نووستن نەنێم.
بڕیاریشم داوە چۆن كەركوك ئەگەر یەك كوردیشی تێدابێت هەر كوردستانە، ئاواش گەر یەك خوێنەری بە سەلیقەم مابێت هەر دەنووسم و ئەوی دڵمە.